www.kurdistannet.org
14-7-2006 9:49 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# "حەیدەر بابای" ئەنوەرسوڵتانی و حەسەن ئەیوبزادە ... برایم فەرشی



حەیدەر بابا! ئەو دەمەی. گریا هەوری بەهاریَ.
سێلاوت قەڵبەزی دا. لە بەرزان هاتە خواریَ.
کیژان هاتنە سەیرانت. دەستە دەستە. بە جاریَ
سەدجار سڵاو لە تۆبیَ. لە هۆز و گەورەیی تۆ
با ناوی ئەمنیش جاریَ بخوشێتە سەر لێوی تۆ!
حەیدەر بابا! ئیلدریملار شاخاندا
سیللەر. سولار شاقیلدیوپ. ئاخاندا
قیزلار ئۆنا سەف باغلیوب. باخاندا
سەلام ئۆڵسوون شەوکەتوزە. ئیلوزە
مەنیمدە بیر ئادیم گەلسون دیلوزە.

سەرئەنجام کتێبی " سڵاو لە حەیەدەربابا" بە دوو زمانی کوردی و ئازەربایجانی لە لایەن کتێبفرۆشی ئەرزانەوە چاپ کرا. کە بەرهەمی هاوبەشی دوو نووسەر. دوو دۆست. دووهاوشاری. دووهاوکلاسی و هاوتەمەنی لە مێژینەیە. کە پەروازەی دوو وڵاتی ئوروپین. خۆیان گوتەنی یەکیان لەم بەری دەریا و ئەوی تر لەو بەری دەریایە. بەڵام ئەم دوو-انە یەک بەرهەمیان خوڵقاندووە. کە خوێندنەوەی بۆ هەر کوردێک کە خولیای زمان و ئەدەبیاتی کوردبیَ. جێگای چێژ لیَ وەرگرتنە.



ئەگەر وەرگێڕدراوی کوردی شێعرە بەرزەکەی حەیدەربابا لە لایەن ئەنوەر سوڵتانی و حەسەن ئەیوب زادەوە. بەرهەمێکی بەرزی شێعری بیَ. پێشەکی کتێبەکە بە پێنووسی ئەیوب زادە. نووسێنێکی نەخشین و تابلۆیەکی گەلێک رەنگینی زمانی کوردیە. سەرتای کتێبەکەش بە پێنووسی ئەنوەری سوڵتانی سیحری نووسەرە بۆ نووسینی بەرهەمە سێحراوییەکەیان. شەهریاری ئازەربایجانی و ئەیوبزادە و سوڵتانی کوردستانی بەرهەمێکیان ئافراندوە کە رەنگە یەکێک لە تاقانەکانی کتێبخانەی کوردی بیَ.

مامۆستا هێمن لە پێشەکی پێکەنینی گەدای مامۆستا حەسەن قزڵجی دا دەڵیَ:" ئەو بەرهەمە وەک هەڵوای تەن تەنانی وایە و هەتا نەیخۆی نازانی" پێشەکی مامۆستا هێمن دەڵێی بۆ ئەو کتێبەی حەیدەر باباش نووسراوە. هەرچی بیَ ئەنوەر سوڵتانی و حەسەن ئەیوب زادە پەروردەی ئەو شار و ئەو وڵاتەن کە حەسەنی قزلجی 30 ساڵ خوزیای دیداری دوبارەی کێشا. ئەوان جیلی پاش هێمن و هەژار و قزلجین و سیحری قەڵەم و ودمی بەرەکانی بەر لە خۆیان بە میرات پیَ براوە.

چاپی ئەم کتێبە بۆ ئەمنیش کە لە گەڵ ئەدەبیاتی ئازەری ژیاوم و حەیدەربابا و بەرەو موکریانی (هەژار) و ناڵەی جودایی (هێمن) هاودەمی شەوان و رۆژانم بوون و بە ساڵانیش هاونشینی حەیدەر بابای کاک ئەنوەر و کاک حەسەن (مامۆستا گۆران) بەر لە چاپکردنی بووم. دیارییەکی پیرۆزە.

ئەو کتێبە لە کتێبخانەی ئەرزان لە سوئێد دەست دەکەویَ و واهەیە لە کتێب فرۆشیەکانی وڵاتانی تریش دەست بکەوێت.

2006/7/10